# ئایا پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە هەموو مانگێکدا سێ ڕۆژ بەڕۆژوو دەبوو؟ ووتی: بەڵێ

لە موعازەی عەدەویەوە دەڵێت: پرسیاری لە عائیشە کرد -ڕەزای خوای لێبێت-: ئایا پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە هەموو مانگێکدا سێ ڕۆژ بەڕۆژوو دەبوو؟ ووتی: «بەڵێ»، ووتم: لە چی بەشێکی مانگدا بەڕۆژوو دەبوو؟ (عائیشە) ووتی: «بایەخی بەوە نەدەدا لە چی بەشێکی مانگ بەڕۆژوو دەبێت».
[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

لە موعازەی عەدەویەوە دەڵێت: پرسیاری لە عائیشە کرد -ڕەزای خوای لێبێت-: ئایا پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە هەموو مانگێکدا سێ ڕۆژ بەڕۆژوو دەبوو؟ ئەویش ووتی: (بەڵێ): ئەمیش کەمترین ژمارەی ڕۆژەکان بوو، دەڵێت: ووتم: (لە کام ڕۆژانەی مانگدا)، بۆئەوەی بۆی دیاری بکات لە چی ڕۆژێکی هەفتەدا یان لە کام ڕۆژانەی مانگدا بەڕۆژوو بووە، ئەویش وەڵامی دایەوە بەوەی بایەخی بەوە نەدەدا لە چی بەشێکی مانگ بەڕۆژوو دەبێت؛ لە سەرەتای یان ناوەڕاستی یان کۆتایی، ڕۆژەکان پێکەوە یان جیاواز بێت، واتا گرنگی نەدەدا بەوەی دیاری بکات چی ڕۆژێک بێت لە مانگدا؛ واتا پاداشت دەنووسرێت لە هەر سێ ڕۆژێکی مانگ بێت، بۆیە بە پێی لێکدانەوەی خۆی بەڕۆژوو دەبوو -صلى الله عليه وسلم-، بۆیە هەندێک جار هەندێک شتی دەهاتە پێش کە ڕێگر بوو لەوەی ڕەچاوی ڕۆژووگرتنی ئەم سێ ڕۆژە بکات بە شێوەیەکی دیاریکراو، یان ئەوەتا ئەمەی ئەنجامدەدا بۆئەوەی ڕوونی بکاتەوە کە دروستە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10111

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee